# کوردانی ناو سوپای عێراق، حکومەتی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانن

موقەدەم روکن شوان بەرپرسی فەوجی چوار لەسنوری حەمرین لەسەر کێشەو کەموکوڕییەکانی سوپای عێراقی دەدوێ و باس لەو کارانە دەکات کە پێویستە سوپا پێی هەستێ و نەیکردوە.

نزیکەی سێ ساڵە لە سنوری حەمرین کاردەکات وبۆ ماوەیەکیش لەسنوری کەرکوکدا کاریان کردوە، ئێستە فەرماندەی فەوجی چوارە لەسنوری حەمرین، ئاماژە دەکات بەکارو چالاکیەکانیان لەو سنورەدا و چۆنیەتی بەرەنگار بونەوەی تێرۆریستان و، وە ئاماژەدان بە پلانی ئایندەی سوپا.

**رۆژی گەل:** سنوری کارکردنی بەرێزتان ؟

**مقەدەم روکن شوان:** سنوری کارکردنمان لەحەمرینەوە بوە تا کەرکوک و لەبەغداد و بێجیش کارو چالاکیمان بەئەنجام گەیاندوە دژ بە تێرۆریستان....

**رۆژی گەل:** کارو چالاکییەکانتان چین و لەچ سنورێکدا ڕووبەڕوو بونەوەتان زۆر بووە؟

**مقدم رکن شوان:** کارو چالاکیەکانمان چ لە گرتنی تێرۆریستان ،چ لەدەست بەسەرداگرتنی چەک وتەقەمەنی ،چ لەگرتنی ئەمیرە داواکراوەکانی تێرۆریستان لەم سنورەدا هەبووە، تەنانەت گرتنی دوو ئەمیری تێرۆریستی کە لەلایەن ئەمریکیەکان و حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە بەپارەیەکی زۆرداواکرابون، ئێمە توانیمان دەستگیریان بکەین. لەدەست بەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنیش، ئەوا ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی دەستی بەسەردا گیراوە کەڕێژەیەکی ئێجگار زۆرە.

**رۆژی گەل:** بەپێی ئەو کارو چالاکیانەی کەئەنجامدراوە و ئێوەش بەشێکن لەوهێزەی کەکارو چالاکیان ئەنجامداوە ، وەک وئیمتیازات جیاوازیکراوە لەنێوان بەرپرسێکی کورد لەگەڵ بەرپرسێکی عەرەب؟

**مقەدەم روکن شوان:** هەموو کات هەڵسەنگاندنی خۆیان هەیە بۆ ئەوفەرماندانەی چالاکی دەکەن، بەڵام کە کاتێک دەگاتە ئەوەی کە کوردێک ئەو کارو چالاکیانەی ئەنجامداوە، ئەوکات لە ئاستی پاداشت و دەست خۆشیەکان کەمتەرخەمی دەنوێنن، بێگومانیش ئەوەی بۆ منە بۆ عەرەبێک زۆر زیاترە ..

**رۆژی گەل:** چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان دوو پلەی هاوشێوە لە نێوان کوردێک و عەرەبێکدا؟

**مقەدەم روکن شوان:** بە دڵنیاییەوە عەقڵیەتی شۆڤێنی هەمیشە زاڵە سەریاندا، هەر ئەو عقڵییەتە شۆڤێنییەیە کەوای کردوە، نەک لەسەر من، بەڵکوئەو شێوە عەقڵییەتەیە لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەیە، جیاوازیەکە زۆرەو کاریگەری خراپیشی هەیەو زۆریشە ترسناکە. کاریگەری دەنگۆی گەڕانەوەی لێپرسراوە بەعسیەکانی پێشوش کاریگەری زۆر خراپتری دەبێت لەسەر ئایندەی کوردەکان لەسوپای عێرەقدا. بەعسیەکانیش خۆمان دەزانین کێن و چۆن دەڕواننە کورد لەبەر ئەوەی تەجروبەی پێشومان هەیە لەگەڵیاندا. ئەوەش ئاشکرایەو هەموان شاهیدی ئەوەین کە کورد چەند کاریگەری پۆزەتیڤی بینیوە لە دامەزراندنی عێراقی نوێدا.

**رۆژی گەل:** دانانی لێپرسراوە کوردەکان لەسەر بنەمای حزبی چ کاریگەریەکی هەیە کە بەو شێوەیە حکومەتی عێراقی هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردەکاندا دەکات؟

**مقەدەم روکن شوان:** لەڕاستیدا لەسەرەتای دامەزراندنی سوپای نوێی عێراقیدا هەر لەسەر بنەمای حزبی و نەتەوەیی دروستبووەوە سوپای عێراقیش بەشێک بوە لەو حکومەتە، ئەوەش بەشێوەی تەوافوق ، کە فلان حزب چەند حیسەی هەیەو فلان لایەن چەندی هەیە.

هەروەها سەرکردە سەربازییە عێراقییەکانیش بەئاشکرا دژایەتی کوردەکانی نێو ئەو سوپایەدەکەن.

**رۆژی گەل:** ئەو کەموکوڕیانە چین کە ڕووبەڕوتان دەبێتەوە لەم سنورەدا؟

**مقەدەم روکن شوان:** ئێمە تەنها لە موچەدا سەر بە حکومەتی ناوەندین، لەو ڕوەیەوە کە حکومەتی عێراقی ئاوا هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکات، ئێستەش هەر وەکو پێشمەرگە رەفتارمان لەگەڵدا دەکەن و هەڵسوکەوتێکی تەندروستمان لەگەڵدا ناکەن، لەهەمان کاتدا حکومەتی هەرێمیش کەمتەرخەمە بەرامبەر ئەم کەم وکوریانە ئەو هەڵسوکەوتە ناتەندروستانە، لەو نێوانەشدا کەموکوڕیمان ڕوبەڕومان دەبێتەوە لەکارەکانمادا، ئەمەش وای کردوە کە کێشەمان بۆ دروست بێت.

**رۆژی گەل:** پێویستە حکومەتی عێراقی چی بکات بۆ ئەو کوردانەی لە سوپای عێراقیداو نەیکردوە؟؟

**مقەدەم روکن شوان:** پێویستە حکومەتی عێراقی داکۆکی لەو ئەفسەرە کوردانە بکات لەسوپای عێراقیدا، زۆرێک لەو ئەفسەرو پلەدارانە کەکوردن ولە سوپای عێراقیدان وازیان هێناوە ، یان دەیانەوێ واز بێنن ، بەهۆی نەبونی نەبونی ئیمتیازاتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە،جائەو ئیمتیازاتانە ،چ پلەبێت ،یان دەستخۆشی بۆ کارو چالاکییەکانی ..ئێمە زۆرجار ڕوبەڕوی موچە بڕین بوینەتەوە، بەڕاستی دەبێت حکومەت داکۆکی لەو بابەتە بکات . دەبێت حکومەتی هەرێم ئەو سەربازو پلەدارانە دەنێرێ بە جدی ئاوڕیان لێبداتەوە، چونکە ئێمە ئامارمان لایە کە زۆرێک لەو ئەفسەرو پلەدارانە وازیان هێناوەو ڕیزەکانی سوپایان جێهێشتووە.

**رۆژی گەل:** هیچ کات ڕویداوە لەم ناوچەیە تێرۆریستێک چەند جارێک گیرابێت و ئێوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا هەستتان کردبێت کە پێشتریش دەستگیر کرابێت و ئازاد کرابێت ؟

**مقەدەم روکن شوان:** لەبەر ئەوەی سوپای عێراقیش لەکەسانی حزبی و نەتەوەی و کەسانی جۆراو جۆر کە کەریگەری تایفیان لەسەرە، بۆیە ئەو شتانە ڕویانداوەو ئێمە بینیومانە، ئەمەش فەراغە ئەمنیەکە دروستیکردوە لەژێر دەسەلاتی ئێمەدا شتی وەها روی نەداوە، بەڵام لەو سنورانەی کە بەرپرسە عەرەبەکان سەرپەرشتیان کردوە زۆرن. لەوانەش کورد نەگیراوە بەو شێوەیەوئازادکرابێ.

**رۆژی گەل:** ئەو ڕێگریانەی کە ڕوبەڕوتان دەبێتەوە لەکاتی بەرەنگەر بونەوەی تێرۆریستاندا؟

**مقەدەم روکن شوان:** سوپای عێراقی نەگەشتوەتە ئەو ئاستەی کەنە لەئاستی زەمینی نە لە ئاسمان ناتوانێ بەرگری لەخۆی بکات، کێشەی سەرەکیمان نەبونی یارمەتیدەرێکی ئاسمانییە، کەهۆکاری سەرەکیش فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراقییە، کە نەگەشتوەتە ئەو ئاستەی فرۆکەی باشی هەبێت، بۆ بەرەنگار بونەوەی تێرۆریستان و هاوکاریکردنی هێزی زەمینی، بۆ نمونە هەندێکجار گوندێکی دورە دەست کە تێرۆریستی تێدایە راوەدونان و دەستگیر کردنیان بەفرۆکە باشترە تاوەک و بە هێزی زەمینی، ئەوەش یەکێکە لەو کەم وکوریانەی کە نەبونی هێزی ئاسمانییە..

**رۆژی گەل:** رێژەی تێرۆریستان و کارو چالاکی یەکانیان لەم سنورەدا کەمیکردووە؟

**مقەدەم روکن شوان:** بە رێژەیەکی زۆر زۆر کەمیکردووە، چونکە پێش هەڵبژاردنەو ئاگاییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئێمەو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەناوچەکەدا، هەولیش دەدەین کە پارێزگاری لەو ئەمنییەتە بکەین، چونکە بەڕاستی ئەرک و ماندو بونی زۆری دەوێ و تێرۆریستانیش لەبەر ئەوەی هاوکاری دەرەکیان لە پشتە و ئێمەش دەبێت زۆر بە ئاگا بین، بەرنامەی چڕو پڕمان هەیە بۆ ئایندە..

**رۆژی گەل:** ئەو تەقینەوانەی ئەم دوایە دەری ناخات کە تێرۆریستان بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر خۆیان ڕێکخستوەتەوە، ئەمە هۆ کارەکەی سوپایە یان لایەنێکیتر؟

**مقەدەم روکن شوان:** کێشەکە لای ئێمە نییە بەڵکو لای دەزگای هەواڵگرییەکانەوەیە، کە نەبونی زانیاری تەواوە لەسەر جوڵانەوەو کاری تێرۆریستان چونکە بە ڕاستی ئێمە لایەنی جێبەجێکارین و کارەکانمان بەڕێکی بە ئەنجام دەگەیەنین..

**رۆژی گەل:** هیچ هاوکاری دەکرێن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمەوە؟

**مقەدەم روکن شوان:** هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم هەر شتێک لەبەرژەوەندی خەڵکی عێراقدا بوبێت درێغیان نەکردووەولە ئاستی عێراقیشدا هیچ شتێک بەدەر لە بەرژەوەندی گشتی نەبوبێت نەیانکردوە..

**رۆژی گەل:** وەک کەسێکی ئەکادیمی چ بکرێت لەم سنورەدا بۆ نەهێشتن و نەمانی تێرۆریستان و بنبڕ کردنیان ؟؟

**مقەدەم روکن شوان:** بۆ بەرەنگار بونەوەی تێرۆریستان و نەمانی تێرۆر، پێویستە سوپا بەهێز بکرێت، بەهێزکردنی سوپاش بەوە دەبێت کە رێژەی پلەدارو سەرباز لەناو سوپادا یەکسان بێت بە رێژەی نەتەوەکەی، بۆ ئەوەی هەر لایەنەو لەسنوری فەرماندەیی خۆیدا کۆنترۆڵی لایەنی ئەمنی ناوچەکەی خۆی بکات، چونکە عێراق لەسەر بنەمای تەوافوقەو دەبێ، بەهەمان شێوەش لەسوپادا بەشێوەی تەوافوق بێت، بۆ ئەوەی لایەنەکانی وەک شیعەو سونەو کوردیش بە هەماهەنگی یەکتردا بن بۆ پرۆسەی اسایشی عێراقی فیدراڵ.

**رۆژی گەل:** ئایا لەڕوی تەقەمەنیەوە سوپا بۆ بەرەنگاربونەوە لەگەڵ تێرۆریستان چ جیاوازییەکیان هەیە؟

**مقەدەم روکن شوان:** ئەوە کێشەیەکی گەورەیە لەسوپای عێراقیدا بۆ نەهێنانی تەقەمەنی لەسەر شێوازی نوێی سەردەمیانە بۆ سەرکەوتن بەسەر تێرۆریستاندا، لەلایەکی تریشەوە ئەو تفەنگەی تێرۆریستان پێیانە هەمان ئەو تفەنگانەن کەبەدەست سوپاوەیە، مەگەر تێرۆریستان تەقەمەنی نوێ بهێنن ئەوکات سوپاش بیر لە هێنانی تەقەمەنی نوێ بکەنەوە..

**رۆژی گەل:** چیتان ماوە بۆ وتن؟

**مقەدەم روکن شوان:** داوا لە حکومەتی عێراقی و وەزارەتی بەرگری عێراقی دەکەم کە چیتر دژایەتی تاکی کورد نەکات لەسوپای عێراقیدا، چونکە ئێستە بەهۆی گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ نێوسوپای عێراقی دژایەتی کردنی کوردەکان لەنێو سوپادا بەرەو زیاد بون دەچێت، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە کە هیوادارم کۆتایی بەم دژایەتیکردنە بهێنرێت.

**سازدانی: سەردار محەمەد عەلی**

# سەردەشتییەکان چۆن لەدادگایی ئانرات بەشدار بوون

کەیسی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ لە پاڵ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ئاڵۆتان و زەردە و شاری شنۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەیسەکانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و گوندی گۆپتەپە و بارەگای زێوەی حشع ئەو کەیسانە بوون بە فراوانی لە دادگای فرانس ڤان ئانرات لێکۆڵینەوەو بە دواداچونیان لەسەر کرا.

بۆ تیشک خستنە سەر بەشداریکردنی شاری سەردەشت لە دادگاکە، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ دوو کەسی بنەماڵەی قوربانیانی ئەم شارە ئەنجام داوە کە بریتین لە هەر یەک لە بەرێزان :حاجی ڕەحیمی کەریمی و ساڵەجی عەزیز پوور ئەقدەم.



**پ:چۆن بەشداری دادگاتان کرد؟.**

**وەڵام** :ساڵی 2004 کە ئێمە بۆ بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی ئۆ پی سی دەبلیو ئۆ هاتبووین بۆ وڵاتی هۆڵەندا ,بە ڕێکەوت لە تەلەفزیۆنی نێت ڤێرکی هۆڵەندی هەواڵی گرتنی ئەومان گوێ لێبوو,ئێمەش لە ڕێگەی کاک عەلی ڕەحیمیەوە پەیوەندیمان بە پۆلیسی ئەنتەرپولەوە کرد,هەردووکمان پێکەوە بەڵێنی بەشداریکردنمان دا,لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانەی کە پێمان بوو دامان پێیان وە وەڵامی پرسیارەکانیانمان دایەوە,پاشان کە تەواو بووین وتیان کارمان پێتان بوو بانگتان دەکەینەوە وەک سکاڵاکەرێک.پاش چەند مانگێک شاندێکی دادوەری بە سەرپەرشتی بەرێز فرێد تەیفن و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پسپۆڕ بوو لە بواری چەکی کیمیاوی و پۆلیسی لێکۆڵینەوە هاتن بۆ شاری سەردەشت,دوو ڕۆژ لە شاری سەردەشت مانەوە,سەرەتا بەشداری لە پیشانگای ئەنجومەنی بریندارانی کیمیاوی شاری سەردەشتیان کرد و پاشان سەردانی هەموو ئەو جێگایانەیان کرد کەوتبوونە بەر هێرشی کیمیاوی و دواتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بریندارا ن ئەنجامدا.ئەوەی شایانی باسە لەبەردەم پیشانگاکە پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی لە شاندەکە کرا.

شاندەکە لە ماوەی ئەو 2 ڕۆژەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ 16 کەس لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی کرد ,ئەوەی شایانی باسە سەدان کەسی دیکە ئامادەییان هەبوو بۆ بەشداری کردن لە دادگاکە.لە کۆتایدا بەرێز تەیفن وتی لەبەر ئەوەی کاتمان کەمە ئەوەندە چاوپێکەوتنە بەسە و بۆمان ڕونە لە شاری سەردەشت تاوانی جەنگ ئەنجام دراوە، بەڵێنیشتان دەدەمێ لە سەر ئەو کارەساتە بەرگری بکەم و سزای تۆمەتبار بدەم. لەوانە ئەم ناوانە وەک سکاڵاکەر دیاری کران :ساڵەح عەزیز پور ئەقدەم,حەسەن کەریمی واحێد,قادر مەولا ن پوور, لەیلا مەعروف زادە" وە هەروەها لەگەڵ قوربانیانی شاری شنۆ و ئاڵۆتی بانە دانیشتنی کرد,زەردەو خورەمشەهر و ئابادان و تاران لەوانیش چەند سکاڵاکەرێک دیاریکران.

**پ: خەرجی سەفەر و پارێزەری ئێوە کێ دابینی دەکرد؟.**

**وەڵام:** تەواوی خەرجییەکان لە لایەن دەفتەری حقوقی ریئاسەت کۆماری ئێرانەوە دابین کرا,وەلێ ئەوەندەی پێشوو هەموو ڕێکخراوەکەمان خۆی دابینی کردووە.شایانی باسە حاجی ڕەحیمی کەریم واحێد بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بە ناونیشانی نوێنەری ئەنجومەن لەسەر خەرجی خۆی لە هۆڵەند مایەوەو وە لە جەلەسەکانی دادگادا بەشدار بوو.

**پ: پرۆژەتان چییە بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو کۆمپانیانەی ناویان لە دۆسیەکەدا هاتووە."**

**وەڵام**:ئێمە هەر وەکو ئێن جی ئۆی مەدەنی بە تەنیای ناتوانین ئەو کارە گەورەیە بگرینە ئەستۆ,بە خاتری مەحدودیەتێک کە هەمانە ئەنجامی بدەین,ئەما ئەگەر سازمانە نێو نەتەوەییەکان وە ئێن جی ئۆیە مەدەنییەکان وە دەولەتەکان هاوکارمان بن,دەتوانین لە تەواوی ئەو کۆمپانیا و خەڵکانەی کە لە سازکردن و فرۆشتن و گەیاندن و عەمبار کردن و بەکار هێنان و .... ڕۆڵیان هەبووە سکاڵا بکەین.

**پ :لەکۆتاییدا چی دەڵێن بە خەڵکی کوردستان؟**

**وەڵام** :ئەم دادگاییە دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی وێنە نەبووە,لە لای ئێمەوە وەکو سکاڵاکەر و قوربانیان پێشکەش بە گەلەکەمان و بە مرۆڤایەتی و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە جیهانی دەکەین,کەسیش بە دەسکەوتی تایبەتی خۆی نەزانێت قوربانیان بۆ خۆیان خاوەندی ئەو دەسکەوتەن,وەلێ سوپاسگوزاریمان بۆ هەموو ئەوانە هەیە چ وەک ڕێکخراو وە چ وەک دادوەر و داواکاری گشتی ,چ وەک پارێزەر وە چ وەک پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی وە هەروەها ئەو کەسانەی لە ڕۆژانی دادگا لە گەڵماندا بوون و خانە خوێمان بوون نموونە "مام عەلی ڕەحیمی و زیبا خان ,مارتین و عگید و عەلی مەحمود و کاک ئەمیر قادر و خوناو هەموو ماڵ و منال و دۆستانیان و ئەوانەی جارێک هاتن بۆ دادگا.وە هیوادارین تەواوی ئەو کەسانە و کۆمپانیانەی هاوکاری ڕژێمی بەعسی ئێراقیان داوە کە ببێتە خاوەنی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ هەر وەک فرانس ڤان ئانرات بە دادگایی دادپەروەرانە بسپێردرێن وە بە سزای خۆیان بگەن,وە تەواوی ئەو وڵاتانەی کە چەکی کۆمەڵکوژیان هەیە بۆ خۆیان بە هاوکاری سازمانە نێو نەتەوییەکانی خەڵکی و دەوڵەتی چەکی کیمیاوییەکان لە بەین بەرن و جیهانێکی بێ چەکی کۆمەڵکوژمان هەبێت هەموو خەڵک لە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت بە ئارامی ئاشتی و ئازادی پێکەوە بژێن.

**سازدانی:**

**عەلی مەحمود محەمەد**